# تەرمی ئەو (300) قوربانییەی ئەنفال لەکوێن؟

**ئیبراهیم عەباس**

**کاتێک لەماڵپەڕەکان دەنگۆی هەبوونی (300) تەرمی ئەنفالەکانی گوندەکانی دەوروبەری دوکان وروژا، ئەو ساتەی ڕۆژنامەنووس (نەبەز گۆران) بەئازاییەکی زۆرەوە ئەو بەردەی هاویشتە گۆمی بێدەنگی حکوومەتە بێباک و دەزگا پەیوەندداره بێخەمەکانی دەسەڵات. وامانزانی تەنها سەرچیخچوونی هەواڵێکەو ڕەنگە قوربانییەکان بەو ڕێژە بەرزەو گیرۆدەبوونیشیان لەباڵەفڕخانەی هەولێر، هێندەی نەکێشابێت! وەلێ ئەوانەی( بەخۆشمەوە ) بەو هزره دوودڵییەوە لەم هەواڵەیان ڕوانی و خێرا هەڵوێستیان وەرنەگرت، ئەوان سەرچیخ بۆ ئەو ڕیسواییەی بکەرانی ئەو کاره چووبوون.**

**تا ڕونکردنەوەی( سەرچاوەیەکی ئاگادار لەدادگای ئەنفال )م نەخوێندەوە، تا ورد ورد لەوشەو دێڕەکانی ئەو بەناو ڕونکردنەوەیە ڕانەمام... نەمدەزانی بێ حورمەتی بەرامبەر خەڵکی بێکەس گەیوەتە ئەو ئاستەی نەک خۆ بەخاوەنی ئێسک و پروسکی سەدان ئەنفال ناکرێت، بگره ڕووفاتی پاکیشیان لەشوێنێکی کەس پێنەزان دەشاردرێنەوە!؟ هیچ وشەیەک بەناوی هەڵوێستەوە، بۆ هەڵوێستێکی نامەردانەی ئاوا، ناگاتە چارەگێکی ئەو بێحورمەتییەی لەپەناوە بەپاشماوەی ئێسک و خۆڵی ئەو شەهیدانە کراوە، نەک جارێک هەزاران جار خۆزگەم دەخواست مردو زیندووە بێکەسەکانی ئەم نیشتمانە وێرانە لەبەرچاوی دەسەڵاتی پاوانخوازی کوردستان هێندە سووک نەبایەو نەگەیبایە ئەو ڕادەیەی نیو هێندەی ئاژەڵدۆستێک، بەرپرسە چاوقایمەکانمان ڕێزیان گەر لەزیندوانیش نەدەنا بەو پێیەی تەکلیف و تێچوویان زۆره، کەمێک ڕێزیان لەشەهیدە جوانەمەرگە خێر لەخۆنەدیوەکانی ئەنفال نابایە.**

**ئەو بەناو ڕونکردنەوەیە لەکاری کەسێکی توندڕەوی مرۆمۆچ دەچێ و پێ ناچێت کەسێکی ویژدان زیندو نووسیبێتی! چونکە هێندە نەزانانە خوازیارو سەرگەرمی بێحورمەتییە بەنەبەز گۆران، نووسەری وتارو هەواڵەکە، هێندە خراپ باڵانسی تێکچووە، لەبیری چووە پێمان بێژێت؛ ئەو ڕووفاتانە بۆچی تا ئێستا بەنهێنی هەڵگیراون؟ و لەکوێن؟ و چۆن هەڵگیراون؟ و چەندن؟ و لەچ گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزراونەوە؟ و کێ دۆزیونییەوە؟ و لەکەس و کاریان ئاشکراکراون؟یان نا؟ کەس و کاریان کێن؟ و چی دەڵێن؟ و بەنیازن کەی؟ و چۆن؟ و بۆ کوێیان ببەنەوە؟و ئەمەو دەیان پرسیاری تری بێ وەڵام.**

**نازانم دەبێت بێحورمەتی لەوەزیاتر چی بێت؟! کاتێک زۆربەی هەره زۆری خەڵکی کوردستان ئامادەبوون، سەروماڵ و گیانی شیرینی خۆیان بەخاک و خۆڵی نیشتمان ببەخشن، ئامادەبوون خانووو گوندیان وێران بێ و ڕۆحی خۆشیان دابنێن، کەچی لەو هەبلەخەرجییەی بەرپرسانی ئێمەو منداڵەکانیان بەناڕەوا لەڕەفاهیەت و خۆشگوزەرانی خۆیان دەیکەن، چاوقایمێکی وەکو نووسەری (سەرچاوەیەکی ئاگادار لەدادگای ئەنفال) جورئەت بکات بەدرۆ باسی چەند دینارۆکێک مەسروفی هەزاران ئەنفال و شەهیدی کوردستان بکات؟!**

**ئەگەر ئەو وڵاتە بچوکترین ڕێزی بۆ خەڵکی خۆبەخش و قوربانی بەخش تێدا مابێت؟ پێویستە لەسەر ئەو قسەیەی حیساباتی پارەی بۆ ئەنفال و قوربانیان هاتەگۆڕێ، ئەو قسەکەر لێپێچینەوەی قانوونی لەگەڵدا بکرێت.**

**بەوپەری ڕاشکاوییەوە داوا لەحکومەتی هەرێم و دادگای ئەنفال و کێ و کێ و هەتا دوایی دەکەم، باتەنها دینارێک و هیچ ئەرک و ماندوبوونێک بۆ شەهیدان و ئەنفالکراون و تەنانەت خانەوادەکانیشیان نەکەن (( هەر وەکو نەیانکردووە )) بەڵام باتەنها دەست و دەمی ئەو کەسانە بگرن کەلەپۆستی بەرپرسیاری دان و، قسەی بێ ناوەرۆک و دوور لەڕاستی و موزایەدەی بێ بنەما بەسەر ئەنفال و شەهیدانی غەدرلێکراودا دەکەن.**